# ڕاگەیاندن و پەروەردە

سەربەست قادر حەمە
(دەربەندیخان)

ڕاگـــەیـانـدن و پەروەردە وەک دوو زانـســـتـی پەیوەست بەژیانـی مـــرۆڤ لەگـــەڵ بـەرەوپێش چوون و زیادبوون و گەشەکـردنی مرۆڤ و هەست کردن بە گرنگییـان کەوتنە گەشەکردن و بەرەوپێش چوون و بڵاوبوونەوە.

مێژووی ئەم دوو زانسـتـە وەک هەریەک لە زانسـتەکانی تری پەیـوەست بە ڕەوتـی مــــرۆڤـــایـەتـی ســـــەرەتـای سەرهەڵدانیان بە دروستی دیاری نەکراوە، ئەوەی هەیە بە بەڵگە هێنانەوەی ئەو شـوێنەوار و دەسـتنووس و تاتەبەرد و بەجـێـمـاوە کـۆنینانەیە کـە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و پشـکنینـدا کـەوتـوونەتە دەست مـرۆڤـی ئەمـڕۆ و بەپێی مەزندە، مێژووی هەندێکیان بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا دەگـەڕێتـەوە و دەکـرێ وەک ئامـرازی بەهێـزی ڕاگـەیاندن لەسـەردەمی خـۆیاندا چاویان لێ بکرێت و لە ڕێگەیانەوە سنووری دەسەڵاتی کەسایەتییەک، یان ئیمپراتۆریەت و شارستـانیـەتێک دیاری کرابێت، یان باس لە بارودۆخ و گوزەرانی ناوچەیەکیان تێدا کرابێت...تاد، کە ئەمانە بۆ خـۆیان و لەو سـەردەمـانەدا هۆکـاری ڕاگـەیاندن بـوون بۆ دەوروبەر، هەرچەندە لە ڕووی مـێـژوویـیـەوە بـۆ ئەمـڕۆ گرنگییەکەیان زیاترە.

دیارە کــاری پەروەردە لەهەرە گــرنگتــرین ئەرک و مـافـەکـانی تـاکـەی تاکـەی خـەڵکە بەدرێژایی مـێـژووی مـرۆڤـایـەتی و هەر لە سـەرەتای دروست بوونەوە مـرۆڤ لەبەر پێـویسـتـیـیـان هەسـتی بە گـەورەیی و گـرنگی ئەم بابەتانە کــردووە و خـــووی داونەتێ و پەرەی پێ داون، ئەمـەش وەک هەر لایەن و بابەتێکی تری ژیانی پەیوەست بە مرۆڤ.

سـەرەتا بە سـادەیی و لەژێر دەسـتی خـێـزان، پاشـان بە هۆی زیاتر ئاڵۆزبوون و بەرەوپێـــشـــچـــوونـی ڕەوتـی مرۆڤایەتییەوە ئەم پرۆسەیە براوەتە دەرەوەی ماڵەکان و خێزانەکانەوە و کەس و شوێنی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە.

ڕاگەیاندنیش لەبەر گرنگییەکەی بەهەمان شێوە پێ بەپێ لەگەڵ بەرەوپێش چوونی مرۆڤ و زانستدا بەرەوپێش چوونی بە خۆیەوە بینیوە و هەست بە گرنگی زیاتری کراوە، بەتایبەتی لەم سەدە و ساڵانەی دواییدا زۆرترین چاو لەسەر ڕاگەیاندنەکانە، ئەمە لەکاتێکدا ڕەنگە ڕاگەیاندن لە کۆندا بەهۆی هەست پێ نەکردنییەوە ئەو گرنگییەی پێ نەدرابێت، وەک بەزانستەکانی تر دراوە، بۆ نموونە فەلسەفە لە سەردەمی گریک و هونەری جەنگ لە سەردەمی ڕۆما و پزیشکی لە میسری سەردەمی فیرعەونەکاندا و...تاد.

ڕاگەیاندن پرۆسەیەکی زیندووە و وەک هەر زانستێکی تر داهێنراوی مرۆڤە و بەپێی بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەی کە لە سەری دامەزراوە، یان بۆی دامەزراوە، دەکرێ سوودبەخش، یان زیانداربێت.

ئەگەر بمانەوێت بە نموونەیەک ئەم قسەیە پشت ڕاست بکەینەوە و زیاتر ڕوونی بکەینەوە، دەچینەوە سەردەمی فیرعەونەکانی میسر و باس لە زانستی پزیشکی دەکەین.

وەک لای هەموان ئاشکرایە لەو سەردەمەدا زانستی پزیشکی لە زۆر بواردا بەتایبەتی نەشتەرگەری لە ئاستێکدا بووە، گومان دەکرێ جارێکی تر زانست بەو ئاستانە بگاتەوە، لە کاتێکدا ئێستا زانست لەوپەڕیدایە، پزیشکەکانی ئەو سەردەمە تلیاکیان وەک بێهۆشکەر، بۆ نەخۆشەکان لەکاتی نەشتەرگەریدا بەکارهێناوە و سوودی زۆریان لەم ماددەیە بینیوە، بەڵام وردە وردە مرۆڤ خووی داوەتە بەکارهێنانی ئەم ماددەیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەکارهێنانی زیادبووە، تا بە ئاستێک گەیشتووە لەمڕۆدا لە سەرجەم وڵاتانی جیهاندا بە ماددەیەکی یاساغ و ترسناک ناوزەدکراوە و ساڵانە دەیان ملیار دۆلار بۆ بنەبڕکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی بەکارهێنان و مامەڵە پێوەکردنی تەرخان دەکرێت، کەچی بەردەوام لە زیادبوون و بڵاوبوونەوەی زیاتردایە و هۆکاری دەیان نەخۆشی و ماکی ترسناکە لەسەر نەوەکانی ئێستا و داهاتووی مرۆڤایەتی.

مەبەستی منە بڵێم زانستەکانی تریش، بەتایبەت ڕاگەیاندن و پەروەردە لەسەرووی هەموویانەوە، بەهەمان شێوە سەرەتا مرۆڤ بە مەبەستی سوودبینین دایهێناون و فێریان بووە، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و فراوان بوون و بەرەوپێش چوونی هەریەک لەو زانستانە کەسانێک پەیدابوون کە ئەم زانستانەیان بەدیوی دووەمیاندا بەکارهێناوە، ئەگەر لەمڕۆدا بەراوردێکی نێوان زانستەکان بکەین، لەم ڕووەوە بێ گومان ڕاگەیاندن لە پێشترینی ئەو زانستانەیە کە هۆکارە بۆ کاولکاری و ماڵوێرانی گەورە لە جیهاندا، ئەمەش تەنیا بەهۆی بەکارهێنان و خستنەخزمەتی ئەم زانستە بۆ جێبەجێ کردنی پلانە خراپ و کوشتارهێنەرەکانی مرۆڤەوە لە زۆر وڵات و ناوچەی جیهاندا کە ڕەنگە کەم کۆمەڵگە لەم دەردەسەرییە بێ بەش بێت.

ڕاگەیاندن زانستێکی فرە، لقوپۆپە و کاریگەری بەتەواوی جیهاندا بڵاوبووەتەوە ئەمەش ڕۆڵ و گرنگی ئەم زانستەمان بە جۆرێک بۆ دەردەخات کە تەنیا لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و پروپاگەندەی ڕاگەیاندنەکانەوە دەکرێ ئاژاوەی زۆر گەورە لە کوێی دنیادا پێویست بێت، بەرپابکرێت لەلایەن ئەو وڵاتانەی لەڕاگەیاندندا پێشکەوتوون و ڕاگەیاندنیان کردووەتە ئامرازی بەدەستهێنانی زۆر لە ئامانجەکانیان و لە ڕێگەی ئەو جەنگە دەروونییەی کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە بەرپای دەکەن، دەتوانن زۆر لە وڵاتانی دواکەوتوو و هەژار بخەنەژێر ڕکێفی خۆیانەوە و چۆنیان بوێت هەڵیان بسوڕێنن، بێجگە لەوەی هەر لەم ڕێگایەوە دەیان جۆری ئاژاوە لەناو وڵاتان و کۆمەڵگاکاندا بە ئاسانی بەرپا دەکرێن، وەک ئەوەی ئێستا دەیبینین، بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبیدا.

دەگەڕێمەوە سەر پەروەردە بەو پێیەی ئێستا لە تەواوی جیهاندا پەروەردە لە هەرە پێشترین ئەو پرۆسانەیە کە دەتوانێت ڕەوتی مرۆڤایەتی و جۆری ژیان و ئاراستەی گوزەرانی مرۆڤ بگۆڕێت، بۆیە گرنگی زۆر بەم بوارە دەدرێت، بە یەکێک لە پێویستییە بەرچاوەکانی سەردەم هەژماردەکرێت و لە ڕێگەی هەزاران ڕێکخراو و یانە و کۆمەڵە و دەستەی جۆراوجۆرەوە کاردەکرێت بۆ گەیاندنی بە سەرجەم کونوقوژبنەکانی جیهان.

پەروەردەش وەک ڕاگەیاندن کە باس کرا، بنەمای سەرهەڵدان و دامەزراندنی بۆ قازانجی مرۆڤایەتی و پێگەیاندنی مرۆڤی ژیر و ڕزگارکردنی کۆمەڵگە و تاکەکەسە لە دەردەسەری و مەینەتی و دواکەوتوویی، بەڵام ئەمیش بەپێی بەکارهێنانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کاریگەری و سوودی دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەروەردە بووەتە بنەمایەکی سەرەکی سەرجەم پێشکەوتنەکان و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ باش کردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و گوزەرانی تاکە تاکەی خەڵکی، بەڵام بە پێچەوانەوە لە

وڵاته دواكەوتوو و هەژارەكاندا تا ئێستا نەیتوانیوه ئەو ڕۆڵه ببینێت و تەنیا كاری پەروەردە له خوێندن و نووسیندا قەتیس كراوه.

وەک به گشتی باسمان كرد، ئێستا ڕاگەیاندن و پەروەردە لەوپەڕی پێشكەوتنیاندان بۆیه له هەندێ وڵاتی پێشكەوتوودا ئاساییه كه دەبینین بەهێزی پێگەی پەروەردە و ڕاگەیاندن هۆكاری گۆڕانكاری گەورەیه لەو وڵاتانەدا به ڕادەیەک له ڕێگەی زانكۆیەک دەتوانرێت حكوومەتێک هەڵبوەشێنێتەوە، یان له ڕێگەی ڕاگەیاندنه ناوخۆییەكانەوە دەتوانرێت گوشارێكی وا بخرێته سەر حكوومەت كه ئامادەی گۆڕانكاری گەورە و بنچینەیی بێت له تەواوی پێگه و جومگه هەستیارەكاندا، بەڵام ئایا ڕاگەیاندن و پەروەردە له وڵاتی خۆماندا ئەم كارەیان پێ دەكرێت؟

خۆزگه وەڵامی ئەم پرسیاره بەڵێ بوایه، بەڵام بەداخەوە كه ڕاگەیاندن لەم وڵاتەدا به شێوەیەكی گشتی لەئاست پێویستدا نییه و هۆكاری ئاڵۆزی و پشێوی گەورە و بنكەی بڵاوكردنەوەی دەیان بیرۆكەی خراپ و تێكدەری دەروونی تاكه، كه ئەمه پێچەوانەی بەكارهێنانی ڕاگەیاندن دەسەلمێنێت، هۆكاری ئەمەش به پاشكۆبوونی ڕاگەیاندنەكانه به بینراو و بیستراو و نووسراوەوە بۆ ئەو پارت و لایەن و ڕێكخراو و ڕەوتانەی كه ئەمان دەبنه زمانحاڵیان و بەو شێوەیه كاردەكەن كه ئەوان دەیانەوێت، وەک كۆیلەیەكی ئەڵقه لەگوێ، یان تووتییەكی فێركراو تەنیا ئەوه دەكەن و دەڵێن كه فێركراون، یان پێیان دەوترێت، نەک ئەوەی كه له پێناویدا دامەزراون و ئەركی ڕاگەیاندنه.

به هەمان شێوه پەروەردەش هەر جارەو به بابەتێكەوە دەیگرێ و پەلاماری پیرۆزییەک دەدات، لەكاتێكدا كاری پەروەردە ئامادەكردن و پێگەیاندنی تاكی ڕۆشنبیر و داهێنەر و بەتوانسته، به دەرخستن و بەگەڕخستنی توانست و وزه شاراوەكانی ناخی نەوەی نوێ، ئەمەش به دانانی پەیڕەو و پرۆگرامی سەردەمییانه و تۆكمه به زانیاری و زانستی نوێ، كەچی به داخەوە پەروەردە له وڵاتی خۆماندا نه خاوەن پرۆگرامی نوێیه و نه نەوەیەكی باشیشی پێگەیاندووه، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تا ئێستا له قوتابخانه و پەیمانگا و زانكۆكاندا پەیڕەو دەكرێت و دەخوێنرێت، هەمان بابەته كۆنەكانه و به بەرگی نوێوه پێشكەش به نەوه دوای نەوه دەكرێت و بەرهەمەكەشی تەنیا فێربوونی خوێندنەوه و نووسین و زۆربوونی ژمارەی دەرچووی زانكۆ و پەیمانگاكانه، كه ئەمەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سامانی مرۆیی بەرەو لاوازی و لەناوچوون دەبات.

سەرباری هەموو ناهەموارییەكانی تر ڕاگەیاندن و پەروەردە لەم وڵاتەدا زۆرترین چاویان لەسەره و زۆرترین دەستیان بۆ ڕادەكێشرێت، ئەمەش بۆ ئەوه نییه كه هۆكاری داهێنان و بەرەوپێش چوون و بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەیاندنی نەوەیەكی خاوەن هەستی نیشتمانی و پشت قایم به بەرهەمه ناوخۆییەكان بێت و ئامادەی زۆرترین داكۆكی بێت لەسەر زمان و مێژوو و كولتووری خۆی، بەڵكو بۆ ئەوەیه كه جێگەی زۆرترین ڕەخنه و خاوەنی زۆرترین كەموكوڕین.

دێمه سەر هەندێک لەو كاریگەرییه ڕاستەوخۆیانەی كه له ڕێگەی ڕاگەیاندنەكانەوە دەكرێته سەر پەروەردە و دەكرێ له ڕێیەوه ڕەوتی پەروەردە گۆڕانی گەورەی تێدا بكرێت بەرەو ڕێڕەوی باش، یان خراپ بڕوات.

ئەوەی لەمڕۆدا له ڕاگەیاندنەكاندا بەدی دەكرێت بەتایبەت كەناڵه تەلەڤزیۆنییەكان كه پشكی گەورەیان هەیه و به ڕێژەیەكی زۆر چاو لەسەر ئەمانه، بێجگه لەو پاره زۆرەی له دامەزراندن و بەڕێوەبردن و بەردەوامییاندا سەرف دەكرێت كه هەندێكیان هیچ كاریگەرییەكیان نییه و تەنیا ناون و ڕەنگه بینەرانیان نەگاته ژمارەی كارمەندەكانیان و هیچ ناخەنه سەر خەرمانی كولتوور و ڕۆشنبیری شەقامی كوردی، لەلایەكی ترەوە كۆمەڵێكی تر له كەناڵەكانی ڕاگەیاندن تەنیا بوونەته شوێنی چەلەحانێ و بڵاوكردنەوەی هەواڵی جۆراوجۆر كه زۆر لەو بابەتانەی گرنگییان پێ دەدەن دوورونزیک پێوەندی به ناوچەكەشەوە نییه! هەندێكی تریشیان دەوری مەرزێكی بازرگانی بێ چاودێری دەبینن و دەیان كاڵا و كەرەستەی بێ كوالێتی و ماوه بەسەرچوو له ڕێگەی شاشەكانیانەوە دەگەیەننه ناو هەموو ماڵێک، به وەرگێڕانی چەندان فیلم و زنجیره درامای جۆراوجۆری بێ سەروبەر كه هیچ كام لەو كارانه هیچ پێوەندییەكیان به مێژوو و زمان و كولتوور و دابونەریتی ئێمەوه نییه، جگه لەوەی زۆریان ڕاستەوخۆ كار لەسەر ناشیرین كردنی دۆزی كورد دەكەن، بەتایبەت بۆ لێدان له خوو و ڕەوشت و ڕەسەنایەتی كورد بەرهەم هێنراون، كەچی له كەناڵه كوردییەكانەوە لەكاتی بڵاوكردنەوەیاندا زۆرترین پڕوپاگەندەیان بۆ دەكرێت بێ ئەوەی كەسێک، یان لایەنێكی پێوەندیدار بپرسێت ئامانج له وەرگێڕان و بڵاوكردنەوەی ئەم زنجیره درامایانه چییه كه به ئاشكرا دژایەتی كورد و دۆزی كوردیان پێوه دیاره، لەوەش خراپتر زۆرترین بینەریان هەیه و خەڵكی بێ بیركردنەوه له سوود و زیانی ئەم درامایانه بەوپەڕی

تامەزرۆییەوە بە شێوەی خێزانی تێیان دەڕوانن و چاوەڕوانی کاتی پەخش کردنیان دەکەن، لە کاتێکدا زۆربەی ئەو درامایانە پڕن لە بابەتی وروووژێنەر و جووڵەی نەشیاو، یان شەڕ و بیرۆکەی خراپ، کە کاریگەری زۆریان لەسەر پەروەردە، بەتایبەت منداڵان هەیە و چەندان ماک و جێ پەنجە بەسەر دەروون و کەسایەتی منداڵ و گەنجانەوە بەجێ دەهێڵن.

لەلایەکی ترەوە دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەوەی دەیان ساڵە دوژمنانی کورد بە هەموو شێوەیەک هەوڵی کزکردن و لەناوبردنی دەدەن، ئەمڕۆ بێ خۆ ماندووکردن، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی خۆمانەوە خەریکە بە ئاسانترین شێوە پێی دەگەن، لە گۆڕینی خوو و ڕەوشت و ڕەفتار و جلوبەرگ و کولتوور، تەنانەت زمانیش کە کورد تەنیا ئەمانەی بەدەستەوە ماوە، شانازییان پێوە بکات.

سەرباری ئەوەی کە باس کرا لە ڕووی داراییەوە وەرگێڕانی هەریەک لەو زنجیرە درامایانە پێویست بە پارەیەکی یەکجار زۆر دەکات، چونکە هەندێکیان ژمارەی ئەڵقەکانی لە چەند سەد ئەڵقە تێدەپەڕێت، ئەمەش پێویستی بە سەدان کاتژمێری پەخشی کەناڵەکە و سەدان کەس هەیە بۆ کاری وەرگێڕان و گۆڕینی دەنگەکان (دۆبلاژ)، لە کاتێکدا ڕەوتی شانۆ و دراما و سینەمای خۆمان لەوپەڕی لاوازی و دواکەوتوویيدایە و لەهەرلاوە دەپرسیت بۆ هێندە دواکەوتووین، نووسەر و وەرگێڕ و ئەکتەر و دەرهێنەرەکانمان هاواری نەبوونی و بێ پارەییان لێ بەرز دەبێتەوە، بۆیە لێرەوە دەپرسین نیوەی ئەو پارەیەی کە لە وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە بیانییانەدا سەرف دەکرێت، کە بە هەموو شێوەیەک لە خزمەت مێژوو و کەلەپوور و کولتوور و زمانی ئێمەدا نین، لە بەرهەمی ناوخۆیی و بووژاندنەوەی ڕەوتی شانۆ و سینەما و درامای خۆماندا بخرێتەکار باشتر نییە؟

ئایا ئێمەش وەک دراوسێکانمان خاوەن گیروگرفت و چیرۆک و دیاردەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و زمانی و...تاد نین کە بتوانین سوودیان لێ ببینین بۆ بەرهەمهێنانی بابەتی ناوازە و بەپێز؟

ئایا دەرهێنەر و ئەکتەری باشمان کەمە و ناتوانین لە ڕێیانەوە خۆمان لە قەرەی بەرهەمی بیانی بدەین؟ یان ئەمانەش وەک هەموو بەرهەمە ناوخۆییەکانی تر دەبێ فڕێ بدرێن و لە جێگەیان دەیان جۆر بەرهەمی بیانی بە پارەی ناوخۆیی و بەگران و بەوپەڕی سوپاسگوزاریشەوە هاوردە بکرێن و لە بەرانبەریاندا بەرهەمە ناوخۆییەکان سووک بکرێن و بشکێنرێن. ئایا ئەمە ئەرکی ڕاگەیاندنە؟

وەک وتمان زۆرینەی ئەو زنجیرە درامایانە بۆ ئەوە ناشێن منداڵ بەدیاریانەوە دابنیشێت، یان بە شێوەی خێزانی تەماشا بکرێن، کەچی بەدەگمەن نەبێ نابینیت لە یەکێکیاندا ئاماژە بەمە کرابێت کە تەماشاکردنی ئەم بەرهەمانە بۆ ئەو دوو چینە زیانبەخشە و هۆکارە بۆ دروستبوونی دەیان کێشەی پەروەردەیی و خێزانی.

لە بەرانبەر هەموو ئەمانەدا نە لە پەروەردە و نە لە ڕاگەیاندنەکان خۆیانەوە تا ئێستا نەتوانراوە بەرنامە و پرۆگرامی وا دابنرێت کە بتوانێت کاریگەری خراپی ئەو جۆرە بەرنامە و درامایانە کەم بکەنەوە و بتوانن ئاستی ڕۆشنبیری و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی بە ئاستێک بگەیەنن کە ئەو بڵاوکراوانە نەتوانن کاری تێبکەن، ئەگەر تەماشای هەموو کەناڵە کوردییەکان بکەی بە دەگمەن بەرنامەیەکی پەروەردەیی، یان زانیاری گشتی، یان تایبەتیت بەرچاو دەکەوێت، لەکاتێکدا لە بەرانبەردا دەیان کاتژمێر بۆ بەرنامە و درامای بیانی و دوور لە کولتووری پەروەردەیی و خێزانی تەرخان کراوە کە ئەمە وەک ڕۆژی نیوەڕۆ کاریگەری لەناو کۆمەڵگەدا دیارە و ڕۆژانە چەندان چیرۆکی سەیر و سەمەرە بڵاودەبنەوە کە بە ئاشکرا شوێنەواری ئەو بەرنامە و درامایانەیان پێوە دیارە، هەر لەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەبێ باس لەو کەناڵانەش بکەین کە تایبەت کراون بە منداڵان، هەرچەندە دامەزراندنی ئەم کەناڵانە دڵخۆشکەرە و وا پێویست دەکات کە ئامانج لە دامەزراندن و کارکردنیان سووککردنی ئەرکی پەروەردە بێت و ببنە هەڵگری بەشێک لە باری قورسی سەرشانی پەروەردە لە ڕێگەی بەنامەی جۆراوجۆری زانیاری و زانستی و پەروەردەییەوە و...تاد چونکە دەتوانرێ لە ڕێگەی ئەم کەناڵانەوە ڕاستەوخۆ کار لە دەروونی منداڵ بکرێت و لایەنی دەروونی و پەروەردەیی بەهێزبکرێت و ئامادە بکرێت بۆ داهاتوو، بەڵام بەداخەوە ئەم کەناڵانەش وەک سەرجەم کەناڵەکانی تر زۆرترینی کاتی بەرنامەکانیان بۆ کات بەسەربردن و سەرقاڵ کردنی منداڵان تەرخان کراوە، کە باشتر وایە بڵێین بۆ کات بەفیڕۆدان، چونکە زۆربەی کاتەکانیان بە دابەزاندنی گۆرانی و فیلم کارتۆنی خەیاڵییەوە بەسەر دەبەن، کە هەندێک لەو فیلم کارتۆنانە تەنانەت لە ئاست ژیری گەورەکانیشدا نییە تا بە دیاریانەوە دانیشێت و بەشی زۆریشیان باس لە شەڕوشۆڕ و کوشتار و ڕووداوی خەیاڵی و بەدەر لە ژیری

و وەحش و دڕندە و بابەتی ترسناک دەکەن، کە کار لە دەروونی منداڵ دەکات و وا دەکات منداڵ هەستی ترسی تێدا چەکەرە بکات، لە بەرانبەر ئەو هەموو دیمەنە پڕ ترس ورووژێنەرەدا.

هەموو ئەمانە لە پەروەردە و هەموو بنەما پەروەردەییەکانەوە دوورن، بێجگە لەمانەی باس کران، پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی تر بکەم کە ئەم کەناڵانەی تایبەت کراون بە منداڵان دیارە ئەمانیش وەک کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن خاوەن کۆمەڵێک کارگە و کۆمپانیا و...تاد کە سپۆنسەری بەرنامەکانیان دەکەن و ئەمانیش لە بەرانبەردا پروپاگەندە و نمایش بۆ بەرهەمەکانیان دەکەن، لێرەشدا بێ گوێدانە خراپی هەندێک لەو بەرهەمانە لە ڕووی پزیشکییەوە کە کاریگەری خراپیان لە ڕووی نەخۆشییەوە، بەتایبەت بۆ منداڵان هەیە، چونکە بابەتەکان بە زۆری بە منداڵانەوە پەیوەستن، ئامانجیان بەدەستهێنانی هەندێک پارەیە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان.

هەرچەندی لەم بارەیەوە بنووسین و باس بکەین، هێشتا کەمە و ناگاتە ئەو ڕادەیەش بڵێین مشتێک نموونەی خەرواریکە.

خاڵێکی تری کاریگەر کە دەبێ باس بکرێت هاتنی بە لێشاوی تەکنۆلۆجیای تایبەت بە ڕاگەیاندنە کە هەریەکەیان بۆ خۆی ڕۆڵی کەناڵێکی ڕاگەیاندن دەگێڕێ، ئەویش خۆی لە هاتنی مۆبایلی هۆشمەند و هێڵەکانی ئینتەرنێت و بڵاوبوونەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە، کە ئەمانە ئێستا زۆرترین کاریگەرییان لەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەم هەیە، چونکە لەم وڵاتانەدا هێڵەکانی ئینتەرنێت لە ماوەیەکی کەمدا بەزۆرترین ناوچە گەیشتن و کونوکەلەبەری شار و گوندەکانیان تەنییەوە، بۆیە ئاساییە کە لە هەر کوێوە دەڕوانین منداڵی چەند ساڵەش کە هێشتا فێری گرتنی کەوچکی خواردن نەبووە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت مۆبایل، یان ئایپات و کۆمپیوتەر بەکاربهێنێت، دایکان و باوکانیش زۆر بەمە دڵخۆشن و هەمیشە بە منداڵەکانیاندا هەڵدەدەن کە گوایە لە تەمەنێکی کەمدا توانایی بەکارهێنانی ئەو ئامێرە ئاڵۆزانەیان هەیە، بێ ئاگا لەو هەموو ماک و شوێنەوارە خراپانەی بەسەر جەستە و دەروونی ئەو منداڵانەوە جێی دەهێڵن، کە ڕەنگە هەندێکیان لەگەڵ سەرکەوتنی تەمەندا لێیان دەربکەون، بێجگە لەمە ئێستا زۆرینەی منداڵانی کەم تەمەن بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن و زۆریشیان زیاتر لە پێگە و پەرەیەکی هەیە و کاتێکی زۆر بۆ کارکردن تێیاندا تەرخان دەکەن، کە هەموو ئەمانە لەسەر شانی پەروەردە دەکەون و هۆکارن بۆ دوورخستنەوەی نەوەی نوێ لە بابەتە پەروەردەییەکان و لە ناوەندەکانی پەروەردەشدا کاریگەرییان بە ئاشکرا بەسەر خوێندکار و قوتابییانەوە دیارە و بەردەوام ئاستی قوتابییان لەدابەزیندایە، لێرەشدا کێشەی گەورە ئەوەیە کە پەروەردە هیچ بەرنامەیەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەموو گازە کوشندەیە نییە و بەردەوام لە بڵاوبوونەوە و پەرەسەندندان و بەتەواوی دەستیان بەسەر داهاتووی نەوەی تازە پێگەیشتوودا گرتووە.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم ڕاگەیاندن و پەروەردە دووانەی تەواوکەری یەکترن و کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان لەسەر هەیە و پێویستە حکومەت کۆمەڵێک فلتەر و پاڵاوگە دابنێت بۆ چاودێریکردنی ڕاگەیاندنەکان و ڕێگری کردن لەو بێ سەروبەرییەی بە ڕاگەیاندنی کوردییەوە دیارە، هەروەها کار بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەموو بەرنامە و کارە خێزانی و کۆمەڵگە شێوێنەرانە بکرێت و ڕێگە نەدرێت لەمە زیاتر کۆمەڵگە بە ئاراستەی خراپدا ببرێت و هەست و سۆزی نەتەوەیی بە هەستی ناو دراماکان بگۆڕدرێت و نەوەیەکی هەست شێواو پێ بگەیەنرێت، بێجگە لە زیادکردنی بەرنامەی زانستی و پەروەردەیی و دەروونی کە ئەمانە کاریگەری زۆریان لە ئاراستەکردنی پەروەردە هەیە بە ئاراستەی پێگەیاندنی کۆمەڵگەیەکی باش و ساغڵەم.

لە بەرانبەریشدا پەروەردە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی تەنیا لە فێرکردنی خوێندنەوە و نووسیندا قەتیس نەکات و کاری گەورە لەپێناو بەرەوپێش بردنی پەروەردەدا هەروەک پەروەردە بکات، لە پێش فێرکردنەوە هاتووە بە دامەزراندنی کادیر و مامۆستای شارەزای پەروەردەکار و زیادکرنی کاتی دەوامی قوتابخانەکان و ڕێکخستنی ڕۆژەکانی دەوام و کەمکردنەوەی پشووەکان و نوێکردنەوەی کتێبەکان بە زانیاری نوێ و سەردەمیانە و بەکارهێنانی شێوازە سەردەمیانەکانی وانەوتنەوە و...تاد.

کە هەموو ئەمانە وادەکەن یەکگرتن و هاوسەنگییەکی باش لە نێوان پەروەردە و ڕاگەیاندندا بێتە کایەوە.